سەید حەکیم لە زانکۆی کەرکووك: فرەیی ئابووری و ئاکۆشانی وەبەرهێنان و باشتر کردنی دۆخی کۆمەڵگا پێشینەکانی عێراقە

بەڕۆز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانەتی هێز نیشتمانییەکانی دەوڵەت سەردانی زانکۆی کەرکووکی کرد و لەو چاوی بە سەرۆکی زانکۆ دکتۆر عومران جەمال حەسەن کەوت لەگەڵ کۆمەڵێك ئاگری کۆلیژەکان و قوتابیانی زانکۆ، لەم دیدارە سەید حەکیم باسی گرنگی ئامادەبوونی مەیدانی بە گەڵان بەدوای زانست کرد و گوتی بنیات نانی مرۆڤ پێویستە بە بنیاتنانی زانستی و و داوای کرد بایەخی زۆر بە زانکۆی کەرکووك بدرێت.

. بەڕێز سەید حەکیم ئایگەیاند کە عێراق لەژێر کاریگەری ڕووداوەکانی ناوچەکە بووە، هەروەها ستایشی هەموو ئەو هەوڵانەی کرد کە بە پاراستنی سەقامگیری و دەستکەوتەکان و کەمکردنەوەی زیانەکان دراون، جگە لەوەش داوای کەتایی هێنانی بەو قەیرانەی ناوچەکە کرد کە زیانی گەورەی بە عێراق و وڵاتانی ناوچەکە و جیهان دەگەیەنێت..
بەڕێز حەکیم جەختی لەوە کردەوە کە ئەولەویەتەکانی ئێستای عێراق زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوتە بەڵێژەی توانا و دانیشتوان و پێداویستیە دارایییەکانی عێراق، هەروەها جەختی لەسەر پێویستی ئاکۆشانی وەبەرهێنانی بیانی لەڕێگەی هاوبەشی لەگەڵ کەمپانیا نەودەوڵەتییە تایبەتمەندکان کردەوە.

سەماحەتی داوای لە نوخبەکان کرد لە ماوەیەکی درێژخایەندا ئەی گشتی لە ئەرێنی ئەم هەنگاوانە ئاگادار بکەنەوە، ئەمە جگە لە هەمەچەشنکردنی دەروازەکانی هەناردەکردنی نەوت و کردنەوەی بازاڕی نوێ لە ڕێگەی هەردوو دەریای سوور و دەریای ناوەڕاست و دروستکردنی هاوبەشی ئابووری کە ڕێنگدانەوەی لەسەر سەقامگیری عێراق دەبێت، هەروەها جەختی لەسەر پێویستی هەمە جۆرکردنی ئابووری و هاندانی کەرتە بەرهەمهێنەکانی وەك کشتوکاڵ و پیشە سازی و گە شتوگوزار و وەبەرهێنان و تەکنەلۆژیای هاوچەرخ کردەوە، هەروەها داوای کرد بەشێکی پارەی نەوت بە پرۆژەکان و بە باشکردنی ژێرخان شاری کەرکووك سەرف بکرێت.
. لەکەتاییدا بەڕێز حەکیم داوای پاراستنی دەوڵەت و واقیعی کەمەڵایەتی کرد و ستایشی هەموو ئەو هەوڵانەی کرد کە بوونە هۆی کەتایی هاتنی ئەرکەکانی هاوپەیمانی نەودەوڵەتی بە بەرنگاربوونەوەی تیرۆر لە ڕێگەی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن، هەروەها بانگەوازی بەڕێوەبردنی فرەچەشنی و پاراستنی ئاشتی کەمەڵایەتی دووپاتکردەوە، ئاماژەی بەوەشکرد کە دۆخی هەڵوەشاندنەوەی کەمەڵایەتی وایکرد داعش شارەکانمان داگیربکات و بووە هۆی ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویاندا، و وەك مەرجەك بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکان بە گەیشتن بە ئاشتی کەمەڵایەتی، و کەرکوکی بە هەمای پێکەوژیان و پێشکیەك بە

بەدیهەنانی لە سەرتاسەری عەراق لە نەوان پەکهاتەکاندا زانی..